**زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر**

Salahaddin University – Erbil

# ململانێ چینایەتی لای مارکس

**(توێژینەوەی دەرچوونە)**

پێشکەش بە بەشی(فەلسەفە)ی کۆلێژی ئاداب کراوە، وەک بەشێک پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە فەلسەفە

**ئامادەکردنی لە لایەن:**

**فەرهاد ئازادی وەیسی**

**بەسەرپەرشتی:**

**م.ی.شێروان هادی محمد**

2024ز

# پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :

- ✓ خانەوادەکەم، کەوا هەردەم پاڵنەرو ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بەخوێندن.
- ✓ بە هەموو هاوڕێیەکانم لە زانکۆی سەلاحەدین بەگشتی و قوتابیانی بەشی فەلسەفە بەتایبەتی.
- ✓ بەسەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (م.شێروان هادی محمد) کەوا زۆر ماندوو بوو لەگەڵم.
- ✓ بەسەرۆکایەتی بەشی فەلسەفە و سەرجەم مامۆستا و بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ❖ سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە ئەم توانایەی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- ❖ سوپاسی (م.شێروان هادی) دەکەم، کە ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینیەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەند تر کرد .
- ❖ سوپاسی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە بە بچوکترین هاوکاری بەشدارییان کردووە لە تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاسی گشت ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم کە لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنمدا، بەردەوام پاڵپشتیان کردووم تاوەکو بەسەرکەوتویی بە ئامانجەکەم بگەم.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ململانێ چینایەتی لای مارکس شی دەکاتەوە و هەوڵ دەدات دیدگای نوێ بە خوێنەران ئاشنا بکات سەبارەت بە پرسەکە.

شێوازی پەیکەربەندی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە پێشەکی، سێ بەشی سەرەکی، ئەنجام.

- لە بەشی یەکەم، تەوەرەی یەکەم، باس لە دەروازەی تیۆری توێژینەوەکە دەکەین و، پاشان لە تەوەرەی دووەمدا، باس لە گرینگترین چەمکەکانی توێژینەوە دەکەین. ئەم چەمکانەی کە زۆرترین چالاکیمان لەسەر دەبێت لە تێکڕای توێژینەوەکەدا. لەم بەشەدا دەروازەیەک بۆ خوێنەر دەکەینەوە تا خوێنەر ئاشنا ببێت بە ململانێ چینایەتی لای مارکس.

- پاشان لە بەشی دووەمدا، هەوڵ دەدەین خوێنەر ئاشنا بکەین بە کارڵ مارکس.. کە وەک دەروازەیەک وایە بۆ تەواوی توێژینەوەکەمان. لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە ژیان و بەرهەمەکانی مارکس دەکەین. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتیەکان و جۆرەکانی چین دەکەین.

- وە لە بەشی سێیەمدا، هەوڵ دەدەین خوێنەر ئاشنا بکەین بە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان و لقەکانی. لە تەوەرەی یەکەمدا، مارکسیزم و چینی کۆمەڵایەتی. وە لە تەوەرەی دووەمدا، هەوڵ دەدەین باسی جۆرەکانی چین لای مارکس بکەین.

- وە لە ئەنجامدا ئێمە گشتاندنێک دەکەین بۆ تەواوی توێژینەوەکەمان و هەوڵ دەدەین خاڵە سەرەکییەکانی لێ هەڵێنجێنین.

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| پێشکەشە | أ |
| سوپاس و پیزانین | ب |
| پوختە | ج |
| پێرست | د |
| پێشەکی | 1 |
| **بەشی یەکەم: ڕەهەندە سەرەکیەکان و دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە** | 2-5 |
| تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | 2-3 |
| تەوەرەی دووەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | 4-5 |
| **بەشی دووەم:** | 6-11 |
| تەوەرەی یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی مارکس | 6-7 |
| تەوەرەی دووەم: گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتیەکان و جۆرەکانی چین | 8-11 |
| أ- گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەدرێژایی مێژوو | 8-9 |
| ب-جۆرەکانی چین لای مارکس | 9-11 |
| **بەشی سێیەم:** | 12-16 |
| تەوەرەی یەکەم: مارکسیزم و چینی کۆمەڵایەتی | 12-14 |
| تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی چین لای مارکس | 15-16 |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | 17 |
| لیستی سەرچاوەکان | 18 |

## پێشەکی

لە دەستپێکردنی نووسینی توێژینەوەی بەکالۆریۆسمدا، هەوڵ دەدەم کە بەلای تێڕوانینە قووڵەکانی کارل مارکس و شیکارییەکانی بۆ ململانێ چینایەتییەکان بڕۆم. ئەم گەڕانە فیکرییە تەنیا بەدواداچوونێکی ئەکادیمی نییە بەڵکو هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و داینامیکی بنەڕەتییەکەی. لە ناوەڕۆکیدا هەوڵەکانی من هەوڵدەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر پەیوەندییە بەردەوامەکانی تیۆرییەکانی مارکس لە تێگەیشتن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی-ئابووری و داینامیکی دەسەڵات کە جیهانی ئەمڕۆمان لە قاڵب دەدەن.

بڕیاری قووڵبوونەوە لە کارەکانی مارکس لە کۆششێکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت سەبارەت بە سەرچاوەی نایەکسانی و نادادپەروەری لەناو کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا. لە کاتێکدا بیر لە دیمەنی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەکەمەوە، بەردەوامیی دابەشکارییە چینایەتییەکان و کاریگەرییە بەربڵاوەکانی نایەکسانی ئابووری سەرسام دەبم. هەر ئەم تێبینییەشە کە وەک پاڵنەرێک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی من لە شیکارییەکانی مارکس بۆ ململانێ چینایەتییەکان وەک چاویلکەیەک کە لە ڕێگەیەوە ئەم پرسە زەق و زەقانە بکۆڵمەوە.

جگە لەوەش، پەیوەندیی تیۆرییەکانی مارکس لە سنووری گوتاری مێژوویی زیاتر درێژدەبێتەوە، دەنگدانەوەی لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتی-ئابوورییە هاوچەرخەکاندا هەیە. لە سەردەمێکدا کە بە فراوانبوونی کەلێنی سامان و بارودۆخی ناجێگیری کار و نائارامی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە، ئەو تێڕوانینانەی مارکس پێشکەشی دەکات، دیدگایەکی بێ نرخ پێشکەش دەکەن سەبارەت بەو نایەکسانییە پێکهاتەییانەی کە بنەمای جیهانی جیهانگیری ئێمەن. مارکس بە لێپرسینەوە لە میکانیزمەکانی ئیستغلالکردن و زاڵبوون کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە، چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕێگا پۆتانسێلەکانی گۆڕانکاری گۆڕانکاریخوازانە دابین دەکات.

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

**1- گرفتی توێژینەوە:**

گرفتی توێژینەوە بە یەکێک لە ڕەهەندەی سەرەکیەکانی توێژینەوە دادەنرێت چونکە توێژەر بەبێ دەستنیشانکردنی گرفتی توێژینەوە کە ناتوانێت توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجام بدات ئەم توێژینەوەیەش باس لە تیۆری ململانێی چینایەتی دەکات لە ڕوانگەی مارکس پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئایا ململانێی چینایەتی چییە.

**2- گرینگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکە لە ڕێگای ئەنجامدانی لایەنی تیۆری دەتوانین زانیاری پێویست بخەینەڕوو بە تایبەت لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە زانیاری زیاتر دەربخەین و وەربگرین و دەربارەی ئەو بابەتەی کە توێژینەوەمان تێدا ئەنجام داوە دەبین هەر توێژینەوەیەک دەکرێت لە بارەی هەر بابەتێک کۆمەڵێک زانیاری لە بارەی بابەتەکە زیاد دەکات و زانیارییەکان کەڵەکە دەکات و چەمک و دەستەواژەی نوێ دێنێتەبەر باس، و گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بەرچاوڕوونی دەداتە کەسایەتی پاشان ئێمە و دەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بابەتە یان نزیک لەم بابەتە توێژینەوە بکەن.

**3- ئامانجی توێژینەوە :**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێت ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش لەم ئامانجانەی خوارەوە پێک هاتووە:

1- زانینی دیدی مارکس لەسەر چینایەتی کۆمەڵگادا.

2- بۆ دەرخستنی تیۆری ململانێی چینایەتی لە فەلسەفەی کارل مارکس

3- ئاشنابوونی جۆرەکانی چینایەتی لە لایەن مارکس

**4- هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

هەڵبژاردنی بابەتێک هەر لە توێژینەوەیەک هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە گشتی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە یەکەمیان : پەیوەندی بە بواری بابەتیەکەوە هەیە دووەمیان: پەیوەندی بە لایەنی کەسی ئەنجامدان هەیە لەم جۆرە توێژینەوانەدایە کەمی ئەنجامدانی لەم توێژینەوەیەدا بە تایبەت ئەم بابەتە کە باسی لە تیۆری ململانێی چینایەتی دەکات لە ڕوانگەی مارکس

**4- میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی بابەتی توێژینەوەکە باس لە شیکاری ململانیی چینایەتی دەکات لای مارکس.( چین ، چینایەتی ، ململانێی چینایەتی)

## بەشی یەکەم/ تەوەری دووەم: پێناسەی چەمکەکان:

لەم توێژینەوەیدا پێناسەی هەریەک لەم چەمکانەی خوارەوە دەکەین:

1- **چین**:

دەتوانین هەوڵی پەسەندکردنی جیاوازییەکان بدەین لە نێوان گوند و شار یان لە نێوان کاری دەستی و کاری زینی، بەڵام ئەمە ئەمە نایەتەدی تەنها لەسەر حیسابی داماڵینی هەموو گەل و هەموو گەڵ نەبێت لەسەر سەرەتاییترین ماف.(عومەر،2012:لا313)

2- **چینایەتی**:

لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتیدا کۆیلە و شوێنکەوتووانی بەردی بناغەی سەرەکی سیستەمی چینایەتی زۆرینەی زۆری گەل لە سیستەمی دەرەبەگایەتی بە ئاشکرا بەشداری لە فەرمانڕەوایەتی کردنی دوور دەخرێنەوە، لێرە چینی سەرمایەدار هەوڵی هەوڵەکانی بۆ بە دەستهێنانی هێزی سیاسی و هەوڵ دەدات دەستکەوتەکانی دەرەبەگایەتی لە نێو ببات، وا دەکات بەشداریکردن لە کاروباری سیاسەت لە بەرامبەر هەمووما کارە کراوە بێت.

ئیتر لەوە داوە هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەی لە دەوڵەتدا بە هاوڵاتی لە قەڵەم دەدرێت و وەک هەر هاوڵاتیەکی دیکە هەموو مافێکی دەبێت.( ئەمین ، 2013: 60)

3- **ململانێ**:

**کارل مارکس (1818 – 1883)**: پێی وایە ململانێ لە نێوان چینی بڕجوازی و خاوەن ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ چینی پڕۆلیتاریا کە کرێکارە زەحمەت کێشەکان و خاوەن هیچ شتێک نین جگە لە هەوڵ و کۆشش و وزەی مرۆیە نەبێت کە بە پارە بە چینی برۆجوازی دەیفرۆشن، بە هۆی ئەوەی چینی پڕۆلیتاریە هەست بەوە دەکات کە لە کاتی کۆششەکان بە زیادبوونی بەرهەم مافەکانیان نەداوە لە لایەن چینی بڕجوازی بەم هۆیەشەوە ململانێی سەر هەڵدەدات.(Marx,1959: p171)

**فلۆریدیۆ پاریتۆ**(1848-1924)پێیوایە ململانێ لە نێوان دەستو برێ دەستەبرێژی و بەخەو خەڵەت نووسیە دەستەبژێری ڕەشۆکی خەڵک دەبێت و دەبێت ئەوانیش دەستبژێری فەرمانی فەرمانڕەوا دەست بژێری فەرمان بەسەردراوە ئەم ململانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ململانەی نێوان ئارەزوویی دەستبژێر لە گەور لە وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی و پارێزگاریکردن لێی بۆ

درێژترین ماوە بوارن بوار نەدان بە ڕەشۆشی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هێز و بەرپرسیارەتی.(Pareto., 1959: 143)

**ئەنتۆنی گیندز** (19384+9)پێی وایە ململانێی نێوان دوو بەرە لەنێو دوو کەس یان دوو گرووپە دوو گرووپە لە گە لە کۆمەڵگا ململانێی دوو شێوە یەکەمیان ڕوودانی ڕوو دەدات کە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی دوو کەس یان دوو گرووپ یان زیاتر دروست دەبێت شێوەی دووەم کاتێک ڕوو دەدات کە گرووپەکان دەکەونە کوشتنی یەکتری (گریندنز،2013: لا293

**4- ململانێی چینایەتی:**

بە باوەڕی مارکس ململانێی چینایەتی بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە بە شێوەیەک هەموو شتەکان سادەتر دەبن ، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرەکانی، هەر یەک لە دەوری جەمسەرێکی سەرەکی بورژانەوە یان چینی کرێکاران کۆ دەبنەوە پەرەسەندنی هێزەکانی لەسەر بەرهەمهێنانەکە لەمە بە دواوە دەبێتە بزووتنەوەیەکی جوڵانەوەی مێژوویی ئەویش لە ڕێگای زیاتربوونی ژمارەی کرێکاران و دووبارە بوونەوەی هەژاری و بە تەقینەوەی شۆڕش دەگاتە ئەنجام ، بەم شێوەیە یەکەمین جار لە مێژووی کۆمەڵگا بێ دوژمنکارانە هەڵدەستێت. (ئارۆن،2012:ل243-244)

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم: ژیان و بەرهەمەکانی مارکس

کارڵ مارکس لە پێنجی مانگی ئایاری ساڵی 1818 لە ناوچەی بروکر جاسی شاری تیری ئەڵمانیا لەدایک بووە. بەهۆی ستەم و هەڵاواردنی ئاینی دەوڵەتی پروسیاوە، باوکی مارکس (هاینریش مارکس) بۆ ئەوەی پیشەی پارێزەرییەکەی لەدەست نەدات، پێش ئەوەی مارکس لە دایک بێت، ناچار بوو واز لە ئاینی جولەکە بهێنێت و ببێتە مەسیحییەکی پرۆتستانی. (موقبل، 2017، 33)

مارکس تا ساڵی 1830 لە قوتابخانەی تایبەت خوێندی، لە ساڵی 1830 چووە قۆتابخانەی باڵای ترير، کە قوتابخانەیەکی لیبراڵی بوو لە ساڵی 1832 داخرا. لە ساڵی 1835 قۆنلغی خوێندنی ئامادەیی لە شاری تریری ئەلمانیا تەواوکرد و چووە زانکۆی بۆن. لە قۆناغی ئامادەییدا توانی زمانەکانی فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی، هۆڵەندی، ڕووسی و ئینگلیزی بە باشی فێر ببێت. پاش تەواوکردنی کۆلێجی یاسا، لە ساڵی 1836دا، دووبارە گەڕایەوە بۆ زانکۆی بەرلین و لە بەشی فەلسەفەدا دەستی بە خوێندن کردەوە. (کەریم ، 2014، 143)

لە ئایاری 1838 باوکی کۆچی دوایی کرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر باری ئابووری کارل مارکس دانا، لەمانگی مارسی ساڵی 1841 دا بەشی فەلسەفەی تەواوکرد و بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشرا، تێزی دکتۆرانامەکەی مارکس لەسەر ناکۆکی فەلسەفەی سروشتی دیموکریتس و ئەپیکۆربوو، کە بە وردترین و ئاڵۆزترین بابەتی فەلسەفی خەملێنراوە، کارڵ مارکس لە زانکۆی بەرلیندا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بیریارانی بەرجەستەی بواری سیاسەت، فەلسەفە، ئاین و ئەخلاق ئاشنا دەبێت و پاشان لەگەڵ هیگلییە لاوەکاندا دەست بە چالاکی دەکات. (عومەر، 2012، 97)

دواتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێڕوانینی ماتریالیستی فیورباخەوەو لە ساڵانی دواتردا دەبێتە ڕەخنەگر لە تێڕوانیینە فەلسەفیە میتافیزیکییەکانی فیورباخ. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1842 دا بووە سەرنوسەری ڕۆژنامەی لیبرالی "" راینیشە تسایتونگ "". بەهۆی ڕەخنەی توندی مارکس و نووسەرانی دیکەی ئەم ڕۆژنامەیە لە دەوڵەتی پروسیا. چەندین جار خرایە ژێر سانسۆرەوە و پاشان بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکومەتی پروسیا ئەم ڕۆژنامەیە داخرا و مارکس بێکار کرا. بێکاربوونی مارکس، هاوڕابوو لەگەڵ هەژاریدا، بەڵام ئامادەی ئەوە نەبوو کە بەهیچ شێوەیەک سات و سەودا لەسەر بیروڕاکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی پروسیادا

بکات. برا گەورەکەی جێنی وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی پروسیا بوو. بەڵام مارکس لەگەڵیدا نەبوو و پاشان هەوڵی نووسینەوەی شۆڕشگێرانەی دا، وە هەوڵی نووسینەوەی کتێبی سەرمایەی دا.(لینین، 2008، 10-11)

**بەرهەمەکانی مارکس ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین**

1- بەشداری بۆ رەخنە لە فەلسەفەی یاسایی هیگلی کردووە.
2- دەستخەتی فەلسەفەی ئابووری زیاتر پێی دەگوترێت دەستخەتی پاریس 1844 نوسراوە.
3- ئەو خێزانە پیرۆزە 1845.
4- تێبینیەکانی سەبارەت بە فۆیەرباخ 1845.
5- ئایدۆلۆژی ئەڵمانی نییە 1845.
6- هەژاری فەلسەفە 1847.
7- مانڤیستی کۆمۆنستی 1848.

گرنگترین بەرهەمی کارل مارکس بەرهەمی (سەرمایە)یە. (هارتمان، 2019، 621)

### تەوەری دووەم: گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتیەکان و جۆرەکانی چین

## أ- گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەدرێژایی مێژوو

بەدرێژایی مێژووی جیهان نایەکسانی شێوازی جیاوازی بەخۆوە بینیوە، بەڵام یەکەمین و سادەترین و ڕەنگە کەمترین شێوەی نایەکسانی لە سەردەمەکانی ڕابردوو لەو کۆمەڵگایە بێ چینانەدا دۆزراوەتەوە کە شێوەی ژیانیان بە ڕاوکردن و خۆراک کۆکردنەوە بەند بووە. ڕەنگە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا چینایەتی (لانی کەم بەو مانایەی ئێستا) بوونی نەبووبێ. چنکە ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و ئابورییە تایبەتیانەی کە جیاوکی تایبەتی دەدەن بە خەڵک بوونیان نەبووە. (موحسنی، 2006، 226)

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا – دیارە تەنها لە هەندێکیاندا، لە کاتێکدا کە ئاستی بەرهەمهێنان بەرادەیەک کەم بوو کە جگە لەو خۆراکەی بۆ ژیانی کەسەکان پێویست بوو، هیچ بەرهەمێکی زیادە نەدەمایەوە بوارێکی ئەوتۆش لە ئارادا نەبوو بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتی. لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە کۆنەکاندا ( بە بەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە تەنها بە کۆکردنەوەی خۆراک خەریک بوون بەردەوام چینی کۆمەڵایەتی دەردەکەوتن. لە شارستانییەتە دێرینەکاندا چەند چینێکی دیاریکراو هەبوو لەوانە: سەربازەکان، ئاینییەکان، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، کۆیلە و بیانییەکان. چاوخشاندنێکی گشتی بە پرۆسەی پێشکەوتن لە کۆمەڵگا سادە و بەرچنەکانەوە بۆ کۆمەڵگای کشتوکاڵی و قۆناغە بەراییەکانی ژیاری شارنشینیدا دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بەردەوام پەیوەندییەکی ئومێدکوژ هەبوە لەنێوان (پێشکەوتن) و (هەژاری)دا. (موحسنی، 2006، 227)

زۆربەی سیستەمە مێژووییەکان توێژبەنکردنێکی کۆمەڵایەتی زۆر وشک و دەقبەستوویان هەبووە و تەنها ژمارەیەک کۆمەڵگا بزاوتی چینایەتیان تاقیکردۆتەوە، لەم ڕووەوە (ڤیلفێردو پارێتو) کۆمەڵناسی ئیتاڵیایی بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بەردەوام کۆمەڵگاکان ڕووبەڕووی حاڵەتی (سوڕی بژاردەکان) (دورة النخبة) بوونەتەوە چ لەڕێگەی سەرنگونکردن یان هەڵمەتەوە یاخود لە ڕێگەی گۆڕانکارییە سروشتیەکانی ناوەوەی ئەو کۆمەڵگایەوە. بەبڕوای پارێتو کەسەکان لە کۆمەڵگادا بۆ دوو چین دابەش دەبن: چینی سەرەوە کە بژاردە و گەورەکانی کۆمەڵگان، ئەم چینە ژمارەیەکی کەمی خەڵک لەخۆی دەگرێت و ، چینی چینی خوارەوە کە زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لەخۆی دەگرێت. ئەو کەسانەی کە لە چینی خوارەوەن چەند خاسیەتێکی بەرزیان تێدایە دەتوانن بچنە چینی سەرەوەو ئەو کەسانەی کە لە چینی

سەرەوەدان و بەجۆرێک تووشی داڕوخان دەبن، دادەبەزنە خوارەوە، ئەم کارە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ، ئەو گۆڕانکارییەی (پارێتو) پێی دەڵێ (گوێزانەوەی هەڵبژاردەکان) وەچەرخانی بژاردەکان ئەنجامگیرییەکەی پارێتو ئەوەیە کە کەسە زیرەکەکان (ڕێوییەکان) بەرە بەرە جێگەی قارەمانانی ڕاستەقینە (شێرەکان) دەگرنەوە و ئەمانەش شێرانی دیکە جیگایان دەگرنەوە. دیارە (پارێتو) تێڕوانینێکی بژاردە گەرانەی (نخبوی) هەبوو و گرنگییەکی زیادەڕۆیانەی بەنمایشی شێرو ڕێوی دەدا. (موحسنی، 2006، 227)

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ، پاشا و خانەدانەکان دەیانتوانی کەسانێک لە خوارترین پایەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵکێشن بەرەو پێگەی سەرووتر، هەر چینێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتدا ڕۆڵێکی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەرستۆکراتییەت لەسەری بوو کە بەرگری لە هەمووان بکات، کاری کەشیشەکان دوعاکردن بوو بۆ هەموان، هەروەها کاری ئەوانی دیکە ئەوەبوو کە خۆراک بۆ هەمووان ئامادە بکەن. ئەمە پێکهاتەی بەشێکی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو، هەر کە ئەم ڕژێمەش ڕووی لە ڕووخان کرد ئەم پێکهاتە چینایەتیەش لەناوچوو، تا ماوەیەکی زۆریش لە سوید هەر چوار چینی خانەدان، کەشیشان، هاوڵاتیان، گوندنشینان، هەرمانەوە، بەڵام لە بەشێکی زۆری ئەوروپادا چەندین ساڵ پێشتر ئەم چینانە لەنێو چوبون.(موحسنی، 2006، 228)

لەمێژووی بەلعەمیدا لە وەسفی پاشا (جەمشید) دا گوتراوە کە خەڵکی کردووە بە چوار دەستەوە: جوتیاران، پیشەکاران، بەڕێوەبەرە زاناکان و لەشکرییەکان. هەروەها وای داناوە کە ئەم گرووپانە جگە لە کاری خۆیان نابێ هیچ کارێکی دیکە بکەن. یستەمی چینایەتی کۆن دەسەڵاتی لە کۆمەڵگا دابەشکردو سنووری بۆ توانستی تاکەکان دادەنا بۆ گۆڕینی پێگەکەیان. شوێنگە و دەسەڵات  پێگەی کۆمەڵایەتی هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە دەدرا بە کەسەکان.ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەم بوو کە دەیانتوانی شوێنگەی خۆیان بە هەوڵی تاکەکەسی خۆیان بەرزبکەنەوە. تەنها چەند کەسێکی زۆر کەم ئەویش بە ماوەیەکی دوورودرێژ ئینجا دەیانتوانی بەهۆی پاشاوە بگەن بە پلەی خانەدانی. زۆرینەی خەڵکی دەبوایە بە پێگەی خۆیان ڕازیبن. بۆ یادەوەری سەردەمی ڕژێمی چینایەتی دەتوانین باسی دابەشکردنی ئەنجوومەنی وڵاتی ئینگلیز بکەین بۆ دوو ئەنجومەنی خانەدان (لۆردەکان) و ئەنجوومەنی گشتی (عموم). (موحسنی، 2006، 228)

## ب- جۆرەکانی چین لای مارکس

جۆرەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان

تا ئێستا هیچ پێناسە و ناوێکی دیاریکراو بۆ چینەکانی کۆمەڵگا دانەنراوە، بەڵکو بەسەر سێ بەشدا دابەشکراون کە هەریەکەیان بڕگە و یاسای جیاوازیان هەیە، لەنێو ئەو دابەشکردنانەدا ئەمانەی خوارەوەن. (                )

**چینی باڵا**

ئەندامانی چینی سەرەوە زۆرجار ئەو کەسە دەوڵەمەندانەن کە خاوەنی پارەیەکی زۆرن، خانووبەرە، یان زێڕینگەریی و خاوەن پارە تەنها ئەوانە نین کە سەر بەو چینە نین، وەک چۆن خاوەن چینە ئەرستۆکراتییەکانیش سەر بە... چینی باڵا، ئەوانەی سەر بە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانن یان گرنگترین پۆستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتیان هەیە، ڕەنگە هەندێک پێیان وابێت کە خاوەن ئەم چینانە تەنها بە چێژوەرگرتن لە پارە ڕازین بەبێ ئەوەی کار بکەن، بەڵام تەواو پێچەوانەیە، چونکە بەردەوام فێردەبن بۆ زیادکردنی سەروەت و سامان و چینی سەرەوە بە یەکێک لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگا دادەنرێت لە هەردوو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

**چینی مامناوەند**

ئەوە ئەو چینەیە کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا لەنێوان چینی سەرەوە و خوارەوەدایە، چینی ناوەڕاست بەو کەسانە ناسراوە کە ڕۆژانە کار و پیشەی تەقلیدی دەکەن، بەو پێیەی زۆر پشت بەخۆیان دەبەستن و هەروەها ڕازین بەو مووچەی مانگانەی کە لە ئەنجامدا وەریدەگرن جۆرە جیاوازەکانی کار کە داگیریان کردووە.

**چینی خوارەوە**

ئەوانەن کە پیشەی کەم مووچە دەکەن یان ئەوانەی بە مووچەیەکی کەم کار دەکەن و زۆربەی ئەوانەی سەر بەم چینەن بەدەست نەبوونی کار و بێکارییەوە بە گشتی دەناڵێنن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خاوەن ئەم چینە هاوکاری جۆراوجۆر وەردەگرن و... سپۆنسەری لە دەوڵەتەوە بە تەرخانکردنی مووچە بۆیان بە شێوەیەکی مانگانە یان یارمەتیدانیان لە هەندێک یارمەتی خۆراک یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان.

**کارل مارکس و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان**

مارکس پێی وایە چینە کۆمەڵایەتییەکان چینی بۆرژوازین کە چینی دەوڵەمەند و چینی کرێکارە و هەر ئەو چینەیە کە خزمەت بە چینی بۆرژوازی دەکات، مارکس ناوی چینی کرێکار یان هێزی کرێکاری ناساند، بەو پێیەی یەکەم ئەرکی چینی کرێکارە کار.مارکس هەروەها پێی وابوو چینی بۆرژوازی ئەو چینەیە کە کرێ بۆ خاوەن چینی کرێکار دیاری دەکات، مارکس هەروەها بینی کە چینی سێیەمی کۆمەڵگا چینی بچووک یان مامناوەندی بۆرژوازییە، کە ئەوانەن کە خاوەنی کۆمپانیای بچووک یان بزنسی بچووکن .لە نێوان چینی کرێکار و چینی بۆرژوازیدان، بەڵام هی ئەوانەی دەسەڵاتدار نین، چینی بۆرژوازیش ئەو کەسەیە کە کۆنترۆڵی حەقدەستەکانیان دەکات. .( ).

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئەم فیکرە ڕیالیزمە لە فیکردا، بەو پێیەی کارل مارکس لایەنگرێکی چینی کرێکار بووە، کە لە ئەنجامی ماندووبوونی چینی بۆرژوازی لە زۆرێک لە کارەکاندا کە ڕەنگە گیانیان تێدا بەفیڕۆ بدات، زۆر ئازاری چەشتووە هەموو ئەمانە وای لە مارکس کرد باوەڕی بەوە هەبێت کە چینی بۆرژوازی لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەسەڵات بەسەر چینی کرێکاردا دامەزراوە، کە لە ئەنجامدا ئەم ململانێیەی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لێکەوتەوە و مارکس هەمیشە لە ڕێگەی کۆمۆنیستەوە بەرگری لەو چینە کرێکارە دەکرد لە دژی چینی بۆرژوازی بیرۆکەکان کە سەر بەو بیرۆکانە بوو، بە ڕادەیەک کە زۆر هەوڵی دەدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لەو حیزبەدا بگرێتەوە کە ئەو بە تەواوی باوەڕی پێی هەبوو، مارکسیش بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی ئەم بیرکردنەوە بوو.کۆمۆنیزم، لە ڕوانگەی مارکسەوە ، واتە کۆمەڵگایەک کە چین و توێژی تێدا نەبێت، یان بە واتایەکی تر یەکسانی ئەندامانی کۆمەڵگا لە خزمەتگوزاری و پۆستە باڵاکان و بابەتەکانی تردا.

## بەشی سێیەم

### تەوەری یەکەم: مارکسیزم و چینی کۆمەڵایەتی

کارل مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێت: مێژووی هەموو کۆمەڵگایەک تا ئەمڕۆ جگە لە مێژووی خەباتەکان (خەباتی چینایەتی) هیچی تر نەبووە. گەلی ئازاد، کۆیلە، ئاغاکان، خەڵکی ئاسایی، فیۆداڵەکان، کۆیلەکان، و پیشەوان، مامۆستا، دروستکەر، واتە بە کورتی ستەمکاران و گۆشەگیرکراوان، بەردەوام لە ململانێدا بوون لەگەڵ یەکتر، و خەباتێکی بێوچانیان ئەنجامدا، خەباتێک کە هەندێکجار شاراوە و هەندێکجاریش کراوە بوو. هەرجارە بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە بۆ هەموو کۆمەڵگا، یان بە داڕمانی یەکێک لە چینە ناکۆکەکان کۆتایی پێهات. بەم شێوەیە کۆمەڵگا لە سەردەمە مێژووییەکانی پێشوودا دەبینین کە نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا بە چینە جیاوازەکان و بەپێی پلە و پلەی کۆمەڵایەتی جیاواز ڕێکخراوە.

ئەم ئاراستەیەی مارکس کە لە مانفێستی کۆمۆنیستی باسی کردووە بەندە بە تیۆری مێژوو لای مارکس، کە ئەمەش بەشێکە لە متریالزمی مێژوویی، بەڵام ئەگەر بە وردی توێژینەوە لەسەر پێناسەی چین لە بواری سۆسیۆلۆجی و ئابوورییەوە لای مارکس بکرێت، بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی ئەم چەمکە لای مارکس شێوازێکی پراکتیکی لە ڕەوشێکی مێژوویی و کۆمەڵگایی دیاریکراو وەرگرتووە.

لە بەشی سێیەمی سەرمایەدا مارکس ئاماژە بەوە دەکات کە بوونی چین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و بوونی ململانێی چینایەتی لەلایەن ئەوەوە نەدۆزراوەتەوە و، پێش ئەوە هەندێک لە مێژوونوسان ئاماژەیان بە دابەشبوون و پەرەسەندنی تێکۆشانی مێژوویی چینەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کردوە و، بەشێک لە ئابووریناسە بۆرژواکان ناکۆکی ئابووری نێوان چینەکانیان خستۆتەڕوو. بەڵام ئەوەی کە نوێیە و مارکس دایهێناوە ئەوەیە کە بوونی چین پابەندە بە قۆناغە جیاواز و حۆراجۆرەکانی وەبەرهێنان.

بە شێوەیکی گشتی لە هزری مارکسیدا لە دیدێکی سۆسیۆلۆجی و بە شێوەیکی پراکتیکی و لە چوارچێوەی بەکارهێنانی چەمکی چین لە هەلومەرجی جیاواز و، لە بازنەی شیکردنەوەی بەرجەستەکراو بۆ واقیعی بەرجەستەکراو، بە ڕچاوکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لێکدانەوە بۆ چەمکی چین کراوە و ئەمەش بەشێکە لە میتۆدی بازدان بەسەر دۆگما لە شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی هزری مارکسیدا.

کاتێک مارکس لە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژوو باس لە چین دەکات، ئەوا باس لە دیدی خۆی بۆ مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕێڕەوی پەرەسەندنی ئەو مێژووە دەکات. بەڵام کاتێک مارکس لە دیدی خۆی وەک زانایکی ئابووریناس باس لە چین دەکات ، ئەوا ئاماژە بۆ بابەتی هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی چین بە وابەستەبوونی ئەو دیاردەیە بە شێواز و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە و شوێنەواری ئەو چینە لە خاوەندارێتی ئەو ئامرازانە و شوناسی شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.

بەڵام کاتێک مارکس وەک زانایەکی بواری سۆسیۆلۆجی باس لە چین دەکات ئەوا کۆمەڵێک دەستەواژەی نوێ بەرهەمدەهێنێ کە پەیوەندی بە هۆشمەندی چینایەتییەوە هەیە وەک هۆشمەندییەکی کاریگەر لە باری بزافی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

لەم بوارە سۆسیۆلۆجییە دەستەواژەی (چین وەک خود) و (چین بۆ خودی خۆی) دەبینین، کە مەبەستی مارکس لە دەستەواژەی دووەمیان ئەو کاتەیە هۆشمەندی چین دەگاتە ئاستێک کە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی حاڵیدەبێت و پشت بە یەکبوونی بەرژەوەندییەکانی خۆی و پێکهاتەکی لە ململانێ دژ بە چینەکانی دیکە بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی دەبەستێت. بەم جۆە ململانێی چینایەتی لای مارکس پشتبە دوو فاقی ناکۆکی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەکان دەبەستێت و، لەم بوارەشەدا دوو سەرچاوەی بۆ سەرهەڵدانی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە داهات و پەیوەندی خاوەندارێتی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

لە دەقێکی تردا مارکس باس لە پێکهاتەی چینایەتی دەکات لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، واتە (خاوەن هێزی کار و خاوەن سەرمایە و خاوەن زەویەکان، کە سەرچاوەی داهاتیان کرێ و قازانج و کرێی زەوی (کرێی خانووبەرە)ە، واتە کرێکارانی مووچەخۆر و سەرمایەدار و خاوەن زەوی سێ چینە سەرەکییەکە پێکدەهێنن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەسەر بنەمای شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

لەم دەقەدا مارکس چینێک بە سەرچاوەی داهاتەکەی پێناسە دەکات، واتە سەرچاوە و پێکهاتنی چینەکان لە چوارچێوەی دابەشکردن و دابەشکردنی داهاتدا ڕوودەدات. مووچە سەرچاوەی دروستبوونی پرۆلیتاریایە، واتە ئەو چینە کرێکارانەی کە تەنها خاوەنی هێزی کاری خۆیانن، قازانج سەرچاوەی ئەو سەرمایەدارانە پێکدەهێنێت کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، کرێی خانووبەرەش چینی خاوەن خانووەکان دروست دەکات. دەق جگە لە ڕۆڵی

داهات، چەمکی چینایەتی لە ڕێگەی پێگەی خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکەی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەگرێتەوە.

چینی کرێکار خاوەنی هیچ کام لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نییە، چینی سەرمایەداری خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە،خاوەن زەویش  بەهۆی خاوەندارێتی زەوی وەک ئامرازێکن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

مارکس لە هەژدەهەمی برومێر لویس بۆناپارتدا دەنووسێت: جووتیارە بچووکەکان جەماوەرێکی زەبەلاح پێکدەهێنن کە ئەندامەکانیان لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا دەژین، بەڵام بەبێ ئەوەی بچنە ناو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانەوە لەگەڵ یەکتردا و، شێوازی بەرهەمهێنانیان لەبری ئەوەی پاڵیان پێبدات بۆ کارلێکی هاوبەش، لە یەکتر جیایان دەکاتەوە .

مارکس لەم دەقەدا هەلومەرجی نوێ بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی ڕێکارانە لەگەڵ چەمکی چینی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. بەس نییە گروپێکی گەورە لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا بژین و چالاکیی هاوشێوە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی چینێک پێکبهێنن. واتە تەنیا پێویستی بە بەشداری واقیعی و بابەتیانە نییە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و شێوازەکانی ژیاندا، بەڵکو پێویستی بە هاودەنگی و یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکان هەیە، بەمەش هۆشیاریی یەکگرتوویی و یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکانیش دەوێت.

واتە گواستنەوەی چین لە ژیان لە هەلومەرجێکی هاوشێوە و لە بەشداریکردنی بابەتیی لە شێوازەکانی ژیانیدا، واتە لە چینەوە بە خۆیەوە، بۆ بنیاتنانی هاودەنگی و یەکگرتوویی خۆی بەرامبەر چین یان چینێکی دیکە، واتە بۆ چین بۆ خۆی، واتە ، ئاگاداربوون لە خۆی، بەجۆرێک کە دەبێت خەبات بکات دژی ئەو چینانەی کە دژایەتی یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکانی، یان کۆمەڵە نەتەوەییەکەی، یان ڕێکخستنی سیاسییەکەی دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە هۆشمەندی و ئاگایی چینایەتی بریتییە لە هۆشدارییبوون بە بەشداری بەردەوام نێوان پێکهاتەی ئەو چینە لە داکۆکیکردنی بەرژەوەندییەکانیان و پاراستن و کارکردن لە ڕوانگەی یەکبوونی بەرژەوەندی چینایەتییان.( https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/marksyzm-w-chyny-k-m-ay-ty)

**تەوەری دووەم: ململانێ چینایەتی لای مارکس**

چەمکی ململانێی چینایەتی لای مارکس گۆڕانکاری و ریزبەندی لە بواری شوناس و پێکهاتەی چین دەخاتە ڕوو. مارکس ئاماژە بەوە دەکات، کە چینە کۆمەڵایەتەییەکان دژەکانی خۆی دروووست دەکات و بەرهەمدەهێنێت و، هەر چینێک پێویستی بە دژەکەیەتی و لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، ئەمەش ناوەڕۆکی دیالکتیکە لە مەتریالزمی مێژوووییدا لای مارکس، کە پێی وایە پەیوەندی نێوان چینەکان لەسەر بنەمای بەجەمسەربوونە و، بەم جۆرەش چینی دەسەڵاتدار و خاوەندار سامان و داهات بۆ خۆی ڕادەکێشێت و ماوە و بوار نادات چینی بەرهەمهێن ئەو سامان و داهاتی بەرهەمی هێناوە بە دەستی بگات.

لەم سەردەمەدا بە جەمسەربوونی داهات و کەڵەکەبوونی سامان گەیشتۆتە دۆخێکی ئەوتۆ، کە دەستەبژێرێکی زۆر سنووردار واتە ئۆلیگارشیەکی بەرچاو داهاتی جیهانی بە ملیارەها لا کەڵەکە دەکرێت و زۆربەی مرۆڤایەتی لە دۆخی هەژاری و نەبوونیدایە.

هۆکاری سەرەکی ئەم جەمسەرگەرییە بۆ بابەتی چەوساندنەوە دەگەڕێتەوە، واتە توانا و هێزی ئەو چینەی سەرجەم داهاتی بەدەسەتەوەیە و دەستی بەسەر مەرجەکانی بەرهەمهێنانی لە جیهاندا گرتووە کە، زێدەبایی بۆ خۆی بمژێت و، توانای چەوساندنەوەی ئەو هێز و چینەی هەبێت کە بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەن.

بوونی جەمسەرگیری بە هۆی چەوساندنەوە دۆخێکی چلۆنایەتی بەرهەمدەهێنیت و پێی دەڵێن نامۆبوون، کە تیایدا بەرهەمهێن دووچاری نامۆبوون سەبارەت بە وزە و تواناکانی و نامۆبوون لە خودی خۆی دەبێتەوە و بەم جۆرە سێ کۆچکەی ململانێی چینایەتی، کە بریتین لە بەجەمسەربوون و چەوساندنەوە و نامۆبوون لە نێو یەک بازنە و یەک چەمکدا، کە ململانێی چینایەتییە دروووست دەبێت.

دوو/ ململانێی چینایەتی، کە کلیلی یەکەمە بۆ تێگەیشتی فەلسەفەی مێژوو لای مارکس گریمانێکی تیۆری پشتبەستو بە هزر و بیری داماڵراو لە واقعی کۆمەڵایەتی و لە بنەما و شێوازێکی بەرهەمهێنانی مێژوویی کۆمەڵگا نییە. زێدەبوونی بەرهەم، کە بابەتی بنەمای ململانێی چینایەتی لە شارستانییەکان بابەتێکی زاتی نییە، بەڵکو دەبێ لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە بواری شێوزای بەرهەمهێنان و بەرچاوکردنی ژینگەی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بڕوانیە ئاست و ئاراستەی ناکۆکی و ململانییەکان، واتە ناکۆکی ناوخۆیی خودی ئەو ژینگەیە و

ئەو ناکۆکییەش، کە گۆڕانکاری درووست دەکات، کە مەرج نییە ئەو گۆڕانکارییە بۆ بەرزکردنەوە و پێشخستن بێت و ئەگەری تێکدان لە ئارادایە.

مارکس لە مانیفێستدا سەبارەت بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاکان دوو ئەگەر دادەنێت. ئەو ناکۆکییانە لەوانەیە ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و بەرزبوونەوە و، لەوانەیە بە پێچەوانەوە ببێتە هۆکاری تێکدان و خراپبوون.(https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/f-ls-f-y-m-zhww-lay-marks)

بۆیە کاتێک مارکس دەیەوێ باسی پەرەسەندنی مێژوویی بکات دەڵێت: مێژووی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە بریتی بووە لە مێژووی ململانێی چینایەتی. ئەگەر کۆمەڵگا لە چین و توێژی جیاواز و تەنانەت دژی یەک دروستبووبێ، هەڵبەت خەباتی چینایەتیش لە نێویاندا دەبێتە واقیع و راستیی، بەڵام ئەو ململانێیە ئابوورییە سوودگەراییە چینایەتییە هەر دەشبێ هەبن و بەردەوام بن، تا کۆمەڵگا دەگاتە کۆمەڵگایەکی بێ ژین و بێ چەوساندنەوەن، چونکە لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا،خاوەن زەوی (ئاغا) پێویستی بە جوتیار هەبوو، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا خاوەن سەرمایە پێویستی بە کرێکار هەبوو تا کارەکەی بۆ راپەڕێنێ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا، ئاغا و سەرمایەدار، تا ئەوپەڕی جووتیار و کرێکاریان دەچەوساندەوە، بۆیە چارەسەر تەنیا ئەوەیە ئەو موڵک و ماڵە بکرێتە موڵکی گشتی و بەهۆیەوە خەڵکی پێ نەچەوسێنرێتەوە، ئەمەشش تەنیا بە بەدیهێنانی سۆسیالیزم و ئینجا کۆمۆنیزم دێتەدی.(سدیق، 2015، 290-291)

## ئەنجام

(1) خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان: مارکس دەیگوت بۆرژوازی، یان چینی سەرمایەداری، خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە وەک کارگە و ماشێن و کەرەستەی خاو. ئەم خاوەندارێتییە دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەخشی، لەکاتێکدا پرۆلیتاریا، یان چینی کرێکار بۆ مانەوە، دەبوو هێزی کرێکاری خۆیان بفرۆشن.

(2) ئیستغلالکردنی کرێکاران: مارکس پێی وابوو کە سەرمایەدارەکان کاری کرێکاران دەقۆزنەوە بە پێدانی کرێی کرێکاران کە کەمترە لەو بەهایەی کە بەرهەمی دەهێنن. ئەو بەها زیادەیەی کە لە کارەوە دروست بوو، وەک قازانج بۆ سەرمایەدارەکان دەچوو، ئەمەش بووە هۆی نایەکسانی ئابووری.

(3) نامۆبوون لە کار: مارکس تێبینی ئەوەی کردووە کە کرێکاران لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا لەگەڵ پچڕانی پەیوەندییان بەو بەرهەمانەی کە بەرهەمیان دەهێنن، لە کارەکانیان نامۆ دەبن. ئەوان هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا نەبوو و هەستیان بە دوورکەوتنەوە لە بەهای کارەکانیان دەکرد.

(4) ململانێی چینایەتی: مارکس ململانێی سروشتی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریای بە تایبەتمەندییەکی ناوەندی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان وەسف کرد. ململانێی نێوان ئەم چینانە لە ئیستغلال و نامۆبوونەوە سەریهەڵدا کە چینی کرێکار لە ژێر سەرمایەداریدا ئەزموونی کرد.

(5) ناهاوسەنگی دەسەڵات: مارکس تیشکی خستە سەر دابەشکردنی نایەکسانی دەسەڵات لە نێوان چینی سەرمایەداری و چینی کرێکاردا. بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بەدەستەوە بوو، ئەمەش وای لێدەکرد باڵادەستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بپارێزن و بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا سەرکوت بکەن.

(6) دیتەرمینیزمی ئابووری: مارکس پێشنیاری کرد کە داینامیکی خەباتی چینایەتی بە هۆی هێزە ئابوورییەکان و بە تایبەتی بەدواداچوونی قازانج لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە دەجووڵێت. ئەو پێی وابوو کە پێکهاتەی کۆمەڵگا بە یاسا و دامەزراوەکانییەوە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدارە و خزمەت دەکات.

# لیستی سەرچاوەکان


1- ئارام ئەمین دەروازەی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی ئەنتۆنیۆ گریس چاپەمەنی ڕۆژهەڵات هەولێر 2013.

2- گیدنز، ئەنتۆنی (2013) دە روازە یە کی رە خنە یی بۆ کومە لناسی، وە رگیرانی، ئارام ئەمین

3- شوانی چاپخانە ی روژهە لات هە ولیر

4- ئارۆن ، ڕیمۆ باقر،2012 :قۆناغەکانی بنەڕەتی کۆمەڵناسی :وەرگێڕان :عەبدوڵڵا ڕەسوول چاپی یەکەم بڵاوکراوەی چاپخانەی چوارچرا.

5- ڤلادیمێر ئیلیج لینین، 2008، کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیزم، و:ناسر ئەمین نژاد، سلێمانی، چاپخانەی ڕاوێژ، چاپی یەکەم.

6- محمد کریم، 2014، ژیانی کارڵ مارکس، و:جمال کاوە، سلێمانی، دەستگای ئایدیا، چاپی یەکەم.

7- توانا عمر، 2013، مارکس و کۆمۆنیزم، سلێمانی، چاپخانەی ڕاوێژ، چاپی دووەم.

8- عەبد عەلی موقبل، 2017، مارکس کێ بوو، و:مجید مارابی و جەواد حەیدەری، سلێمانی، دەستگای ئایدیا، چاپی دووەم.

9- هارتمان، 2013، فەرهەنگی فەلسەفەی سویدی، چاپخانەی تاران.

10- مەنوچێهر موحسنی، 2006، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم.

11- سدیق، فوئاد، 2015، فەلسەفە پێش فەلسەفە تا مردنی نیچە، هەولێر.

12- https://www.almrsal.com/post/88980802 فبراير 2020 , 13:41

13- . Marx, K. (1959) Capital: A Critique of Political Economy, socialist republics.

14- Pareto, v. (1959) The Mind and society, translated by Andrew Bongiorno and Arthar Livingston, New York.

15- https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/marksyzm-w-chyny-k-m-ay-ty)

16- https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/f-ls-f-y-m-zhww-lay-marks)